www.kurdistannet.org
27-2-2007 16:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جوندیانی خراپی وت؟! ... باهۆز عبدالخالق

سایتی کوردستان پۆست، لەچەند رۆژی رابردوودا چەند بابەتێکی لەدابونەریت بەدەرو دوور لەهەموو پێوەرو بنەمایەکی ئەخلاقی لەسەر ئازاد جوندیانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی نووسیوە.
ئەمجۆرە بابەتە ئینشائامێزانەی کە سایتی کوردستان پۆست رۆژانە بڵاوی دەکاتەوە لەسەر جوندیانی و چەندین رووناکبیرو هەڵسوڕاوو سەرکردەی سیاسیی، وایکردووە نەك هەر میسداقیەتی ئەم سایتە سفر بکاتەوە، بەڵکو خەڵك ئێستا تەنها بۆ ئاشنابوون بەنوێترین درۆی عەجایب و زاراوەو دەستەواژەی نامۆو جنێوی غەریب و بۆ پێکەنینیش سەیری ئەم سایتە دەکەن، بەڵام نەك بۆ فێربوون، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن ئاستی ئەو کۆمەڵە کەسە گۆشەگیرو قین لەدڵەی سایتەکە بەڕێوەدەبەن و خۆیان کردووە بەمەهزەلەی میدیا، بەچ ئاستێکی نزمتر گەیشتوون و خۆیان بەکوێی هاوکێشەی جیهانی خەڵکانی رووخاو گەیاندووە.
ستایش کردن لەناو کوردەوارییدا بۆ هەر کەسێك بێت و هەرچۆنێکیش بیکەیت، بەماستاو حیسابی بۆ دەکرێ و سەیردەکرێ، بۆیە من نامەوێ ستایشی جوندیانی بکەم چونکە رۆڵ و کەسایەتیی ئەو لەناو رووناکبیرو نووسەران و رۆژنامەنووسانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك دیارە، لەبەرئەوە رووەدەکەمە سایتی کوردستان پۆست و تەنها هەندێك لەو ناحەقیانەی ئەم سایتە دەخەمەڕوو کەئەمجارەیان دەرهەق بە نووسەرێکی وەك جوندیانی کردوویانە:
-هەڵسوڕێنەرانی سایتەکە تەنها بەوە قەڵس بوونەو ئۆقرەیان لەبەرهەڵگیراوە، چونکە جوندیانی ناوی زبڵخانەی لێناون!. ئەوان، مەبەستم سایتەکەیە، رۆژانە دەیان تەشهیرو جنێوی ناشرین و بوختان بەهەموو کەسێك دەکەن کە خۆیان بیانەوێت و لەهیچ سڵناکەنەوە، بەدڵی فراوانەوە هیچ کەسێك نابوێرن کەخۆیان مەبەستیانە، بەڵام کە یەکێك دێت ناوێکی پڕ بەپێستی خۆی لەسایتەکە دەنێت، ئیتر بەدڵی فراوانەوە وەری ناگرن و حەملەی راگەیاندن لەسەر کەسەکە دەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر بەوردی لە قسەکەی جوندیانی و لەبەرامبەریشدا لەناوەرۆك و شێوازی کاری کوردستان پۆست وردبینەوە، ئەوا دەبینین فیعلەن زبڵخانە پڕ بەپێستی کوردستان پۆستە، ئەی زبڵخانە چییە؟ زبڵخانە ئەو شوێنەیە کەبەردەوام بۆگەنەو گونجاوترین شوێنی هەموو شتێکی بێ کەڵکە، کوردستان پۆستیش بەجنێوەکانی بەردەوام بۆنی گەنیوی لێدێ و ئەو نووسینانەشی تێیدا بڵاودەبێتەوە، لەهەموو روویەکەوە بێ کەڵکن! کەواتە جوندیانی فیعلەن سەلماندوویەتی کە کوردستان پۆست زبڵخانەیە..
جگەلەوە ئەم سایتە ئەم قسەیەی جوندیانی کە کوردستانی پۆستی بەزبڵخانە وەسفکردووە، بە قسەیەکی سەرۆ قادر شوبهاندووە کە گوایە کوردی بە سەگ وەسف کردووە، هەرچەندە لەڕاستی و ناڕاستی ئەم وتەیەی سەرۆ قادر بەگومانم چونکە لەکوردستان پۆست بڵاوبۆتەوە، بەڵام حەزدەکەم لەسەر ئەم لایەنەش هەڵوەستە بکەم:
*وەسفکردنی کورد بەسەگ بەهیچ پێوەرێك لەیەك تای تەرازوو دانانرێت لەگەڵ وەسفکردنی سایتێکی جنێوفرۆش بە زبڵخانە، هەروەك چۆن ئەوەندەی من جوندیانی و سەرۆ قادر بناسم، دەزانم کە ناکرێت ئەوانیش لەیەك تای تەرازوو دابنرێن و بەراورد بکرێن، بۆیە ئەم هەڵوێست و قەباحەتەی کوردستان پۆست هیچ پاساوو بیانوویەکی نییەو وەك مەسەلە کوردییەکە دەڵێ: هەنجەتی تڕ نانی جۆیە! لای کوردستان پۆستیش هەمان نەزمەو بەزم بەزمی درۆیە...!

هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.